ترەمپ هەڕەشە لە روسیا دەکات

دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا لە لێدوانێکی هەڕەشە ئامێزدا رایگەیاند، ئەگەر روسیا رازی نەبێت بە گفتوگۆکردن بە وەستاندنی شەڕ لە دژی ئۆکرانیا، ئەوا سزای زیاتر بەسەر روسیادا دەسەپێنێت. دەشێت، روسیا ئەگەر شەڕ رانەگرێت ئەوا تێکدەشکێت.

ئەمە چوارشەممە، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا لە کۆنگرێیەی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، ئەگەر سەرۆکی روسیا ئامادەی گفتوگۆکردن نەبێت و ئامادە نەبێت کۆتایی بە جەنگ لەگەڵ ئۆکرانیا بهێنێت ئەوا سزای زیاتر بەسەر ئەو وڵاتەدا دەسەپێنێت.
کۆشناسی رۆژی بەفراوینی هەندەک لە ناوچەکانی هەرەمی خستەوو
ئاماژەی بەوەشکردووە، دەبێت سنوور بە شەڕ دابنێن و پەیوستە روسیا و ئۆکرانیا رێککەوتنێک بە کۆتایی هێنان بە شەڕەکەیان ئەنجام بدەن، وتیشی پوتین روسیا تێکدەشکێنێت ئەگەر رێککەوتن نەکات.

باسی لەوەشکرد، کە سەرۆکی ئۆکرانیا ئامادەی خۆی بە ئاگربەست و رێککەوتن دەربڕیوە.

ئۆوش لەکاتکدایە، ترەمپ لەکاتی بانگەشەی هەبژاردنی سەرکایەتیدا باسی لەوەدەکرد، کە لەگەڵ دەستبەکاربوونیدا کۆتایی بە شەڕی نێوان روسیا و ئۆکرانیا دەهێنێت و هەروەها ئیدارەی پێشووی ئەمریکا لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوا چەندین جار سزایان بەسەر روسیادا سەپاندووە بە فشار لەکردنی بە راگرتنی شەڕ و ئەنجامدانی ئاگربەست لەگەڵ ئۆکرانیا.